



# ئافرەتان چۆن لە ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی هزرو کەلتووری توندوتیژی دەڕوانن؟



**بڵاوبوونەوەی هزرو کەلتووری توندوتیژی بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگە بەگشتی و ئافرەتان بەتایبەتی دادەنرێت، بەڵام نەخشەڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی هزری توندوتیژی و ڕێکارەکانی ڕێگری لەو کەلتوورەش فراوانن و دەکرێ لە مێتودو ئەزموونە سەرکەوتووەکان سەرمەشق وەربگرین. بۆیە ئەو پرسیارە دێتەئاراوە کە لەکۆمەڵگەی کوردیدا هاووڵاتیان بەگشتی و ئافرەتان بەتایبەتی چ خوێندنەوەیەکیان بۆ چارەسەری ئەو هزرە توندڕۆیە هەیە، کە زۆر جار بە «نەخۆشی و ئیرهابی فیکری»ناوزەد دەکرێت؟ هەروەها بۆ ئەوەی ئەو پەتایە وەک تاعوونێک لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بڵاو نەبێتەوە، ئایا دەبێت چۆن بەرەنگاری بکەین؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.**

سەرەتا د. ئەشواق جاف پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: «توندوتیژی بە تەنیا کێشەی تاکێك نییە، هەتا تاکەکەسێك چارەسەری بکات، ئەوە کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵگەیەو پێوەندی بە بەرنامەی حکومەت و میدیاکان و پەروەردەوەو ڕۆڵی پیاوانی ئایینی و ڕێکخراوە حکوومی و ناحکوومییەکانی بواری مافی ئافرەتەوە هەیە. ڕاستە ئێمە وەکو ئافرەت داوا دەکەین مافەکانمان پێشێل نەکرێت، یان بەرەنگاری توندوتیژیی دژی ئافرەت بکرێت و ڕێگەی پێ نەدرێت، بەڵام ئەو خواست و داواکارییە داوایەکی ئینسانییەو ئافرەت و پیاو بە هاوکاری یەکتر دەتوانن بەسەر ئەو کێشەیەدا زاڵ بن. بۆیە ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی بۆ هوشیاریی ئافرەت ڕێکدەخرێن، پێویستە پیاوانیش تێیدا بەشدار بکرێن، یان کۆڕ و کۆبوونەوەی هاوشێوەیان بۆ ڕێکبخەن. هەروەها ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی زۆر گرینگەو ئەوان دەبێت بەشێك لەوتارەکانیان بۆ ئەو پرسە گرینگە تەرخان بکەن، چونکە لەهیچ ئایینێکدا توندوتیژی دژی ئافرەت ڕێگەی پێنەدراوە.

کەژاڵ وەرمەزیار چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ و ڕاهێنەر لە بواری پەرەپێدانی مرۆیی، سەبارەت بە هەمان پرس بەمجۆرە ڕای خۆی دەخاتەڕوو: «سەرەڕای ئەوەی هەوڵێکی زۆر بۆ گۆڕانی ئەو ڕاوبۆچوونە هەڵەیە دراوە کە کاریگەریی ڕۆڵی ئافرەت سنووردار دەکەن، بەڵام هێشتا ئاسان نییە لەکۆمەڵگەیەکی چەقبەستووی وەك کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو دابونەریتە چەسپاوانە بشکێندرێ کە زۆربەی پیاوان بەتایبەتی بەرامبەر بە ڕۆڵی ئافرەت هەیانە. واتە ڕوانگەی زۆربەی پیاوان بەرامبەر بە بەشداریکردنی چالاکانەی ئافرەت لەبیناکردنی نیشتمان و ئاوەدانکردنەوە، چ بە قەڵەم و هزرو بیر، چ بە کارو چالاکییەکانی ڕوانگەیەکی لاواز و نەرێنییەو ئەم بۆچوونەشیان بەداخەوە زۆریك لەتوێژەکانی کۆمەڵگەی گرتووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵێکی زۆر لەلایەن خاوەن بیرو ڕۆشنبیرانی پێگەیشتوو، یان چالاکانی تێگەیشتوو هەیەو دەخوازن کۆمەڵگە باوەڕی بە هێزو توانای ئافرەت هەبێت، بەکارهێنانی ئەو هێزەش بەسوودی کۆمەڵگە بەتاك و بەکۆیەوە دەزانن.» گوتیشی: «کۆمەڵگە گۆڕەپانی جەنگ نییە بۆ بەربەرەکانێکردن لەدژی ئافرەتان، بەڵکو مەیدانێکی کراوەیە بۆ هەر دوو ڕەگەز کە ڕۆڵی خۆیان بە شێوەیەکی هاوسەنگ ببینن و پێکەوە لە هەوڵ و تیکۆشاندا بن بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی شارستانیتر بونیاد بنێن.»

کەژاڵ وەرمزیار جەخت لەوە دەکاتەوە کە «هۆکاری توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بەپلەی یەکەم بۆ سەرچاوەکانی تێگەیشتن و تێگەیاندن و ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە. بۆیە ئەگەر سەرچاوەکانی تێگەیشتن و تێگەیاندن ڕوون نەبن، ئافرەت تەنانەت ناتوانێ بۆ پارێزگاری، یان دەستخستنی مافەکانی سوود لەیاساو شەریعەتی ئایینی وەربگرێت. واتە لێکدانەوەی بەهەڵە بۆ ئایەت و فەرموودەکان لەبەرژەوەندیی کومەڵگەی نێرینە (مجتمع ذكوري) بووە.»

ئەو خاتوونە چالاك و ڕاهێنەرە ڕایوایە «لە مێژوویەکی دووردرێژدا ڕەگەزی نێر لەناخی خۆیدا پەرەی بە توندوتیژی دژی ژنان داوەو ژنی کردووەتە کۆیلەی دەستی پیاو و لەم نێوانەدا لێدان بووتەوە ئامرازیك بۆ گوێڕایەڵکردن و تەربییەتی ژن، تەنانەت خەتەنەکردن و کەمئەندامکردنی کچ و زۆر جاریش کوشتنی لەسەر نامووس کراوەتە دابونەریتێکی باو، لەگەڵ پەرەگرتنی

**زۆربەی ئافرەتان خاوەن داهات و ئابوورییەکی سەربەخۆی خۆیان نین، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی لایەنی بەرامبەر هەلەکە بقۆزێتەوە و وەک چەکێک بەرامبەری بەکار بهێنێت و توندوتیژی بەرامبەر ئەنجام بدات**

**نەهێشتنی ئەو دیاردە هاوردەکراوەیەش پێویستی بە شۆڕشێکی فکری و جڤاکی و مەدەنی هەیە، کە پێویستەو ئەرکە لەسەر هەموو لایەک بە ناوەندە حکوومی و ناحکوومییەکانەوە کە لەو شۆڕشەدا ڕۆڵی جددی بگێڕن**

**چۆن پێشمەرگە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی بە سەربەرزی و سەرکەوتوویی بردەوە، ئاوهاش پێویستە هەموو تاکێکی کورد دژایەتی ئیرهابی فیکری و توندوتیژی خێزانی بکات**

**هۆکاری سەرەکیی توندوتیژی دژ بە ژنان دەگەڕێتەوە بۆ کەلتووری خێڵەکی و نزمیی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگەو کاریگەرییەکانی بەهەڵە خوێندنەوەی ئایینی سەبارەت بە مافەکانی ژن و بەهێزبوونی بیروهزری پیاوسالارانە**

**توندوتیژی دژ بە ژنان لەجیهاندا پەرەی سەندووەو بەپێی راپۆرتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەر سێ ژن لەجیهاندا، یەک ژن بە درێژایی ژیانی رووبەڕووی توندوتیژی بووەتەوە**

**جێگەی خۆشحاڵی و دەستخۆشی کردنیشە کە لەکوردستان ساڵانێکە هەوڵی باشترکردنی بارودۆخ و دۆزی ئافرەتان دەدرێت و هەوڵێکی بەردەوامیش هەیە بۆ ئەوەی کەیسی توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانییەوە کەم بکرێتەوە**

کەلتوورو شارستانییەتیش، بەرە بەرە توندوتیژی نادیارو کەمرەنگ بووەتەوە، واتە توندوتیژی بنبڕنەکراوە، بەڵکو جێی خوی بە توندوتیژی نادیارو شاراوە داوە.» وەك چارەسەریش ئاماژەی بەوە کرد کە جگە لەپلانی حکومەت و بەرنامەی میدیاکان و رێکخراوە حکوومی و ناحکوومییەکان، ئیرادەی خودی ئافرەتان بۆ خەبات لەپێناوی مافە رەواکانیان رۆڵی کاریگەری دەبێت. گوتیشی: «ئافرەت بەمتمانەکردن بەخودی خۆی و رێزگرتن لەئیرادەی خۆی و هەوڵدانی بۆ خۆپێگەیاندن، دەبێتە هۆی ئەوەی ئازادو بەتواناتر بێت لەهەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی و هەستکردنی بەتواناکانی و لەسەر کەسانی دیکەش کاریگەری ئەرێنی دەبێت. بەڵام ئەگەر ئافرەت لەبواری زانستی و رۆشنبیری لاواز بوو، ئەوا دەبێتە قوربانیی ئەو روانگەیە کە دەڵێت: ژنان زیرەکییان کەمترە لەپیاوان، هەر ئەوەشە لە زۆرینەی مافەکان بێبەشیان دەکات. خوێندنی زانستی تازەش ئاشکرای کردووە کە مرۆڤ لەژیانیدا پێویستی بە زیرەکی و سۆزداری و عەقڵ و ئیرادە هەیەو کەمبوونی هێزی جەستەیی ئافرەت بەرامبەر بەپیاو پێوندی بەهێزی تێگەیشتن و تێگەیاندنەوە نییە.»

سنەوبەر سابیر رەشید ئەندامی دەستەی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «ئەگەرچی لە وڵاتانی روژئاواش توندوتیژی دژ بە ئافرەت و منداڵ بە ئاستێك بوونی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی رێژەی هزرو کەلتووری ئەو توندوتیژییانە لەوڵاتانی روژهەڵاتی ناوین زیاترەو لەکۆمەڵگەیەکیش بۆ ئەوی دیکە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت و بەپێی عورف و یاسا دەگۆڕدرێت»، ئەوەشی خستەڕوو کە «لە راپۆرت و بڵاوکراوەکانی ساڵانەی UN و رێکخراوە جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤ (لێدان، ئەشکەنجەدان، بەزور کارپێکردن، فروشتن و بازرگانی پێکردن و دەستدرێژی سێکسی و چەندین جۆری دیکەی بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ریزبەند دەکرێن، کە ئەوەش مەترسییەکی گەورەیەو کۆی ژیانی مرۆڤایەتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. گوتیشی: «زۆر بەداخەوە لەکوردستانیش ئەم دیاردەیە هەیەو لەگەڵ ئەوەی هەوڵی جددی دراوە لەلایەن رێکخراوەکانی خانمان و ئافرەتان و ژنان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی و رێکخراوەکانی مەدەنی، بەڵام هێشتا چارەسەرەکان بەپێی پێویست و خواست نین. ئەو دیاردە مەترسیدارو هاوردەکراوەی توندوتیژی دژی ئافرتان پێشتر بە کۆمەڵگەی کوردی نامۆ بووەو بە درێژایی مێژوو ئافرەتی کورد بەردەوام رێزدار و رێزلێگیراو بووە. گەڕانەوەی ئەو بەها مرۆڤایەتییانەش پێویستی بەکاری بەپەلەو هاوکات پلانی درێژخایەن هەیە، کە هاوکاری و هەماهەنگیی سەرجەم دامودەزگاکانی ئیداری و رێکخراوەکانی حکوومی و ناحکوومی و میدیاکان و مامۆستایانی ئایینی لە بونیادنانی پەروەردەیەکی زانستی و کۆمەڵگەیەکی پابەند بە بەهاکانی مرۆڤایەتی رۆڵی کاریگەریان دەبێت. واتە پێویستە ئەوە وەك ئەرکێکی جەماوەری و گشتی سەیر بکرێ و هەموان هاوکاربن لەدانانی نەخشەڕێگە و رێگای چارەسەری گونجاو، هەموو لایەنە سیاسی و رۆشنبیری و مەعریفییەکان پێکەوە بەشدار بن لەم ئامانجە گرنگەو کاری زۆر جددی بۆ بکەن. چونکە وەك هەموان دەزانین، هەر نەخۆشییەك دوای دەستنیشانکردنی، رێنمایی و چارەسەرو چاودێری پێویستەو بەپێچەوانەوە ئەوا تەشەنە دەکات، هزری توندوتیژی و کەلتووری توندڕۆییش مەترسیدارترین نەخۆشییەو ئەگەر بەپەلە چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا وەك پەتایەك بەکۆمەڵگەدا بڵاو دەبیتەوە. جێگەی خۆشحاڵی و دەستخۆشی کردنیشە کە لەکوردستان ساڵانێکە هەوڵی باشترکردنی بارودۆخ و دۆزی ئافرەتان دەدرێت و هەوڵێکی بەردەوامیش هەیە بۆ ئەوەی کەیسی توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانییەوە کەم بکرێتەوە.»

نووسەرو رۆژنامەنووس گوڵستان وەلییە، بەمجۆرە شرۆڤەی پرسەکە دەکات: «یەکێك لەو کێشە هەرە گەورانەی هەموو جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، پرسی توندوتیژی دژ بە ژنانەو ئەم پرسە بووەتە هۆی هاتنەئارای بزوتنەوەگەلی جۆرواجۆر بە ئامانجی بەرپەرچدانەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان و چەسپاندنی یاسا و رێسای تایبەت بە مافی ژن. بێگومان توندوتیژی دژ بە ژنان لەجیهاندا پەرەی سەندووەو بەپێی راپۆرتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەر سێ ژن لەجیهاندا، یەك ژن بە درێژایی ژیانی رووبەڕووی توندوتیژی بووەتەوە. ئەم دیاردەیە لە باشووری کوردستانیش سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەکی زۆری رێکخراوی تایبەت بە کاروباری ژنان هەڵکشانی بەخۆیەوە بینیوە. هۆکاری سەرەکیی توندوتیژی دژ بە ژنان دەگەڕێتەوە بۆ کەلتووری خێڵەکی و نزمیی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگەو کاریگەرییەکانی بەهەڵە خوێندنەوەی ئایینی سەبارەت بە مافەکانی ژن و بەهێزبوونی بیروهزری پیاوسالارانە، هاوکات ئاستی توندوتیژی لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکیتر جیاوازە. بۆ نموونە توندوتیژی لەوڵاتانی رۆژئاواش کە لەئاستێکی بەرزی کەلتووریدان بەدی دەکرێت، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە لەوێ یاسا حاکمە و ئەو کەسەی توندوتیژی ئەنجام دەدات رووبەڕووی یاسا دەبێتەوە، بەڵام لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکان یاساکان لەسەر بنەمایەك دامەزراون کە لە زۆر بواردا دژی مافە رەواکانی ژنانە. بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە پێویستە حزبە سیاسییەکانی کوردستان کە خۆیان بە لایەنگری یەکسانیی ژن و پیاو دەزانن، لەو بوارەدا هەڵوێستی روونیان هەبێ و لەهەوڵی کەمکردنەوە و بنبڕکردنی ئەم دیاردەیەدا بن. هەروەها ئەرکی سەرەکیی میدیاکانە کە بە رێگەی جۆرواجۆر و بە پێی پلانی زانستی و سەردەمییانە لەسەر هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە کاربکەن. بەداخەوە زۆربەی کاناڵەکانی راگەیاندن لەلایەن پیاوانەوە مۆنۆپۆلیزە کراون و بەئەقڵییەتی پیاوسالاری بەڕێوەدەچن، بۆیە زۆربەی هەرە زۆری رووماڵی کەناڵەکانی میدیای کوردی لەسەر ژن و پرسی جێندەریی، وێنەیەکی کرچ و کاڵەو وەکوو پێویست نییە.

فایزە سەلیم، ئەندامی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ئەندامی لیژنەی ناوچەی شۆڕشی پارتی دیموکراتی کوردستانەو هاوکات سەرپەرشتی (گرووپی کارڤین بۆ پشتیوانی پێشمەرگە)یە کە لەهەموو بەرەکانی شەڕی دژی تیرۆریستان بەدروستکردن و گەیاندنی خواردەمەنی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە پشتیوانیی بەرچاویان لەو هێزە نەتەوەییە قارەمانە کردووە. ئەو رۆڵی پێشمەرگە لە پاراستنی وڵات و وڵاتپارێزیدا زۆر بەرز دەنرخێنێت و سەربارەت بە تەوەری راپۆرتەکەش دەڵێت: «چۆن پێشمەرگە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی بە سەربەرزی و سەرکەوتوویی بردەوە، ئاوهاش پێویستە هەموو تاکێکی کورد دژایەتی ئیرهابی فیکری و توندوتیژی خێزانی بکات.» گوتیشی: «گەشەکردنی هزرو کەلتووری توندوتیژی لەناو جڤاکی ئێمەدا شتێکی نامۆیەو کورد لە کۆنەوە لە توندڕۆیی و ستەمکاری بەرامبەر بە ئافرەت بەتایبەتی زۆر دوور بووە. بەڵام تێکەڵبوونی بە سیستم



و کەلتووری تەواو عەشایریی عەرەبی تووشی ئەو توندوتیژییانی کردووە کە تا ئێستاش دەبیستین بەداخەوە ڕۆژانە ئافرەتی کورد ڕووبەڕووی توندوتیژی جۆراوجۆر دەبێتەوە. نەهێشتنی ئەو دیاردە هاوردەکراوەیەش پێویستی بە شۆڕشێکی فکری و جڤاکی و مەدەنی هەیە، کە پێویستەو ئەرکە لەسەر هەموو لایەك بە ناوەندە حکوومی و ناحکوومییەکانەوە کە لەو شۆڕشەدا ڕۆڵی جددی بگێڕن.»

دیمەن محەمەد، بەڕێوەبەری چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر، سەبارەت بە هەمان پرس ئاماژە بەوە دەکات کە: «بەر لەوەی باس لەگەشەی هزرو کەلتووری توندوتیژی دژی ئافرەتان بکرێت، پێویستە هەڵوەستە لەسەر دەستەواژەی توندوتیژی بکەین کە لە دێرزەمانەوە هەبووە، دەبێت ئەوەش بزانین کە هەر ئازاردانێك لە ڕووی جەستەیی، یان دەروونی، یان شکاندنی کەرامەت و سووکایەتی پێکردن، یان هەڕەشەکردن و فشارخستنەسەر، یان بێبەشکردن لە ئازادییەکان، جا چ لەچوارچێوەی ژیانی گشتی بێت، یاخود تایبەتی، دەچێتە خانەی توندوتیژییەوە. گەشەندنی ئەو هزرەش چەند هۆکارێکی هەیە، یەکێك لەو هۆکارانە خودی ئافرەت خۆیەتی کە رازی و ملکەچ بووە بەرامبەر هەر توندوتیژییەك و مامەڵەیەکی ناتەندروست بەرامبەر بە ژیان و مافەکانی، کە زۆرجار بێدەنگ بووە لە زەوتکردنی مافەکانی و ڕێزنەگرتنی ماف و ئەرکەکانی. هەروەها کەمیی هوشیاری و ئاستی ڕۆشنبیری بەرامبەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەوروبەرو نەسەپاندنی بوونی خۆی لەنێو کۆمەڵگەو بەرامبەر بە لایەنی بەرامبەری کە پیاوە، هۆکارێکی پێشێلکردنی مافەکانی بووە. هۆکاری دیکە پەروەردەکردنی ناتەندروستە کە وای کردووە تاك باوەڕ و متمانەی بە خۆی نەبێت، یان خاوەن کەسایەتی و هێز و توانای خۆی نەبێت، بەتایبەت ئافرەت کە وایان بەسەردا سەپاندووە بۆ هەر بڕیاردانێك بگەڕێتەوە بۆ لای پیاو، هۆکاری ئابووریش هۆکارێکی دیکەی پەرەسەندنی فکرو هزری توندوتیژییە، ئەمەش بەوەی زۆربەی ئافرەتان خاوەن داهات و ئابوورییەکی سەربەخۆی خۆیان نین، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی لایەنی بەرامبەر هەلەکە بقۆزێتەوە و وەك چەکێك بەرامبەری بەکار بهێنێت و توندوتیژی بەرامبەر ئەنجام بدات.» سەبارەت بە چارەسەریش گوتی: «بۆ ریشەکێشکردن و رزگاربوون لەدیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەتان پێویستیمان بە کاتێکی زۆر و هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو دیاردەیە لەکۆنەوە بووەو بەرفراوانتریش بووە، بۆیە پێویستی بە چەند هەنگاوێك هەیە بۆ ئەوەی زاڵ بین بەسەر ئەو دیاردەیەدا، لەوانە: پەرەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەو شارەزابوونی ئافرەت بە هەموو ئەرك و مافەکانی و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوە و داکۆکیکردن لەهەر زەبرێك کە بەرامبەری ئەنجام دەدەرێت. ئەوەش لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەکرێت بە دابەزاندنی چەند فیلمێکی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن و پێدانی ڕێنمایی بە هەر دوو لایەنی ئافرەت و پیاو ڕۆڵی بەرچاو ببینن، پێویستە ئەوەش سانسۆری هەبێت و لە ڕێگای کەسانی پسپۆڕ لە بواری کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و دەروونی بەدواداچوونی بۆ بکرێت .



# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەکەمکردنەوەی توندوتیژیی خێزانی

سەرەتا فازڵ عومەر وەك كۆمەڵناسێك باسی ئەوە دەكات كە راگەیاندن لە یەك كاتدا دەتوانێ دوو رۆڵ ببینێ، رۆڵێك گەیاندنی زانیاری راست و دروست و بڵاوكردنەوەی هۆشیاری و نیشاندانی ئەو واقیعە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەی كە هەیە، لەدیوەكەی دیكەیدا راگەیاندن دەتوانێ بە دیوە نەرێنییەكەی رۆڵ ببینێ، ئەویش بە گەورەكردنی كێشەكان و وێناكردنی واقیعەكە بە شێوەیەكی گەورەتر لەوەی هەیە و خستنەڕووی زانیارییەكان بە نادروستی مەترسیدارە، وێڕای نەبوونی سەلیقە لە گەیاندنی زانیارییەكان، بۆیە رەنگە بێ‌ویژدانی بێت، گە ر بگوترێ راگەیاندنی كوردی لە ماوەی رابردوودا بە ئاراستەی خراپكردنی بارودۆخەكە كاری كردووە، بەپێچەوانەوە هەندێ هەوڵی جددی و زۆر پرۆفیشناڵانە دەبیندرێ لە بوارەكەدا، گوتیشی: «كۆمەڵگەی كوردی كۆمەڵگەیەكی كەلتوورییە كە بەها و دابونەریت و نۆرم تێیدا تایبەتمەندی خۆی هەیەو بەشێوەیەك لە شێوەكان كۆمەڵگەكەمان كۆمەڵگەیەكی داخراوە، بەتایبەت لەڕووی كەلتوورییەوە، ئایینیش یەكێكە لە هۆكارە سەرەكییەكان كە ژیانی كۆمەڵایەتی رێكدەخات، وەك ئاشكرایە دیاردەی خۆكوشتن دیاردەیەكی تازە نییە و لە زووەوە بوونی هەبووە، بەڵام زیادبوونی هۆكارەكانی راگەیاندن وایكردووە ئەو دیاردەیە زیاتر ببیندرێ، ئێمە وەكو هەرێمی كوردستان مامەڵەكردنمان لەگەڵ میدیا شتێكی تازەیە، رەنگە زۆر كەس بڵێن ئێمە نزیكەی ٢٠ ساڵە مومارەسەی ئەزموونی كاری راگەیاندن دەكەین، لە راستیدا ٢٠ ساڵ وەكو خۆی زۆرە، بەڵام بۆ ئەزموونكردن و گەیشتن بە ئاستێكی باش پێویستمان بە كاتی زیاترە، راگەیاندنیش وەك هەر ناوەندێك لە ناوەندەكانی تر و بە حوكمی ئەوەی بووەتە سەرچاوەیەك بۆ بژێوی ژیان، ئەوە هۆكارێكە بۆ ئەوەی كە دەبینین خەڵكانێك خۆیان بەم ناوەندە شۆڕ كردووەتە كە رەنگە پرۆفیشناڵ نەبن، رەنگە لەگەڵ بڵاوكردنەوەی زانیارییەكاندا هەستی بەرپرسیارێتییان بەو شێوەیە نەبێت كە پێویستە، بە قەناعەتی من كاری راگەیاندن و بەرپرسیارێتی دوو شتی لە یەك جیانەكراوەن، رۆژنامەنووس كە پەیامێك دەگەیەنێت، پێویستە بە هەستكردن بە بەرپرسیارێتی پەیامەكەی بگەیەنێت، من قەناعەتم وایە تا ئاستێك ئەو رەخنەیەی خەڵك راستە و ئێمە زۆر بە سادەیی لە رووپەڕی رۆژنامە و گۆڤار و سایتەكان دەبینین و دەبیستین كە لە ماوەی یەك مانگ ٢٠ ئافرەت خۆیان سووتاندووە، بێئەوەی شرۆڤەیەكی مەنتیقیانە بۆ ئەو مەسەلەیە بكرێت و باس لە هۆكارەكان و قۆناغی دوای خۆسووتاندنەكە بكرێت، كە ئەو كەسە بە چ دەرەنجامێك دەگات، لە كاتێكدا لە كردنی ئەو كارەی تەنیا پەشیمانی بۆ دەمێنێتەوە، بەڵكو تەنیا ژمارە دەخرێتەڕوو، بە بۆچوونی من ئەركی راگەیاندن لە بوعدە كۆمەڵایەتییەكەی ئەركێكە دەبێ بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە خۆی لە قەرە بدەی، رەنگە بینینی دیمەنەكانی خۆكوشتن و خۆخنكاندن و خۆسووتاندن وا بكات خەیاڵمان پڕبێت لەم دیاردانە و بە لامانەوە ئاسایی ببێتەوە، پێویستە كە ئەو هەواڵانە دەگوازرێتەوە سەر رووپەڕی رۆژنامە و گۆڤارەكان ئاگامان لەوە بێت كە ئافرەتیش ئەو هەواڵە دەخوێنێتەوە، ئەگەر ئەو ئامار و ژمارەی كە بڵاو بووەتەوە بووە هۆكاری خۆسووتاندنی ئافرەتێك ئەوا ئێمە نەمانتوانی بەر بەو دیاردەیە بگرین، ئێمە وەكو راگەیاندن لە رابردوودا لە هەڵسوكەوت كردن لەگەڵ پرسە كۆمەڵایەتییەكان كەمتەرخەم بووین، ئافرەتەكانمان لەسەر شتی زۆر بچووك پەنا بۆ خۆكوشتن دەبەن، بۆ نموونە ماوەیەك لەمەوبەر كچێك بەهۆی ئەوەی ناوی نەهاتبۆوە بۆ دامەزراندن خۆی سووتاند، پێویستە هەوڵبدرێت میدیای كوردی لەبری بڵاوكردنەوەی داتا هەوڵبدات لەسەر دەرهاوێشتەكان و ئەنجامی خۆسووتاندنەكان قسە بكات، بەڵكو ژمارە و داتاكان بۆ یاسا و حكومەت جێبهێڵێت و لە رێگەی دەزگاكانی خۆیەوە كۆنترۆڵی ئەو مەسەلەیە

**پێویستە نووسینگەی راوێژكاری بۆ كۆمەڵناسان و دەروونناسان هەبێت و خەڵكی بتوانن سەردانیان بكەن و لەمەڕ كێشە و گرفتە كۆمەڵایەتی و دەروونییەكانیان راوێژ و پرس و رایان پێبكەن**



بکات و دیاردەکە بەرەو کەمبوونەوە ببات، هەر بۆ ئەوەی پەنا بۆ خۆکوشتن نەبردرێت، لانیکەم دەبێ میدیا رۆڵی هۆشیارکردنەوە بگێرێت».

لەلای خۆیەوە توێژەری کۆمەڵایەتی فەرەیدون بێوار، سەبارەت بە هەمان پرس ئەوە دەخاتەڕوو کە زانایانی دەروونناس و کۆمەڵناس چەندین لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیان لەسەر کاریگەرییەکانی میدیا بەگشتی و تەلەفزیۆن بەتایبەتی ئەنجامداوە، بەتایبەتی لەمەڕ پەیوەندی نێوان توندوتیژی و خۆکوشتن و کوشتن لەگەڵ میدیادا. دەرکەوتووە کە میدیا رۆڵێکی نەرێنی هەیە لە بڵاوکردنەوەو برەودان بە هۆکارەکانی توندوتیژی و خۆکوژی و کوشتن، ئەویش لەرێگەی ئەو نووسین و دیمەن و وێنە و گرتە ڤیدیۆیە خویناوی و توندوتیژیانەی کە بڵاوی دەکاتەوە، بەتایبەتی مەسەلەکانی کوشتن و خۆکوشتن، ئەمەش زیاتر کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونی مناڵان و هەرزەکاران دەبێت. گوتیشی: «کارەسات لەوەدایە کە هەندێك میدیا بەهۆی نەشارەزاییان، کەبەداخەوە پێشیانوایە ئەوە ئازادی میدیاییە، دەست بۆ هەموو بابەتێك دەبەن و گوێ بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی نادەن. بەشێك لەمیدیاکان شەرعییەت بە هۆکارەکانی خۆکوژی و کوشتن دەدەن و ئەنجامدەری تاوانەکان وەك پاڵەوان دەناسێنن و شەرعییەت بە کارەکە دەدەن و پاساوی ناماقوڵی بۆ دێننەوە. یاخود بە روونی ئاماژە بە هونەر و ئامرازەکانی کوشتن و خۆکوژی دەدات و بەوێنە و ڤیدیۆش نیشانی دەدات، ئەوەش دەبێتە هۆکاری بەردەوامیدان بە حاڵەتی خۆکوژی و کوشتن».

ئەو توێژەرە نموونەی بەوە هێناوە کە: توێژینەوەیەکی ئەمریکی ئاماژە بەوە دەکات کە بۆماوەی چەند هەفتەیەك بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرە وێنە و ڤیدیۆیەکی توندوتیژی و خوێناوی لە شاشەی تیڤییەکان قەدەغە کرا، لەو ماوەیە ئامارەکانی توندوتیژی و کوشتنەکانیان تۆمار کرد، دیتیان کە رێژەی تاوانکاری کەمتر بۆتەوە. هەروەها بەشێك لەو توێژینەوانەی کە لەسەر تاوان ئەنجامدراوەو بەندیخانەکان بە نموونە وەگیراون، دەرکەوتووە بەشێك لە تاوانباران لە رێگەی فیلم و راپۆرت و گرتەی ڤیدیۆیی کەناڵەکانەوە تووشی تاوان بوون، واتە ویستوویانە بە لاسایی کردنەوە و بە هەمان میکانیزم تاوانەکە ئەنجام بدەن، کە کەناڵەکە ئاماژەی پێداوە».

فەرەیدوون بێوار لە درێژەی قسەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە نووسەری بەناوبانگ کارل پۆپەر لە وتارێکیدا بە ناوی (تەلەفزیۆن هەڕەشەیەك بۆ سەر دیموکراسی) باس لە کاریگەری و مەترسییەکانی ئازادیی رەهای میدیا و بەتایبەتی تیڤییەکان دەکات و داوادەکات کە سنوورێك بۆ دەسەڵات و کارکردنی تەلەفزیۆنەکان دابنرێت و سانسۆر هەبێ لەسەر ئەو بابەت و فیلم و وێنە و ڤیدیۆیانەی کە پەیوەندن بە ژیانی هاوڵاتی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و لایەنی دەروونی مرۆڤەکانەوە. بۆیە بە پێویستی زانی: «چاودێری کەناڵەکان بکرێت و رێگەنەدرێت هەموو جۆرە وێنە و ڤیدیۆیەك لەژێرناوی ئازادیی میدیا پەخش بکرێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە تووشی دڵەڕاوکێی دەروونی و تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی نەبێتەوە». گوتیشی: «دەکرێ رووداوەکە باس بکرێ، بەڵام بەبێ نیشاندانی وێنە و ڤیدیۆی خوێناوی، لەگەڵ باسکردنی رووداوەکەش پێویستە ئاماژە بەلایەنی سزای یاسایی و دینی ئەنجامدەر و هەروەها کارتێکردنە خراپەکانی و رێگەچارەکان بدرێ، بۆ ئەوەی خەڵکانی تر هەمان کار نەکەن و دەلاقەیەك بۆ دەرباز بوون بدۆزنەوەو هیوایەك هەبێ بۆ ژیانیان. بۆیە بۆ ئەو جۆرە حاڵەتانە، بەپێویستی دەزانم، کە هەروەکو عەیادەی دکتۆر، نووسینگەی راوێژکاری بۆ کۆمەڵناسان و دەروونناسان هەبێت و خەڵکی بتوانن سەردانیان بکەن و لەمەڕ کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانیان راوێژ و پرس و رایان پێبکەن. هەڵبەت لەئەورووپا وەها شتێك هەیە، بەڵام لای خۆمان بۆتە عەیبە و کەس لەمەڕ کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان پرس و راوێژ بە پسپۆڕانی دەروونی و کۆمەڵایەتی ناکات، ئەوەش تێڕوانینێکی هەڵەیە.

ئەفسانە محەممەد وەك میدیاکارێکی تەلەفزیۆنی دەڵێت: «لە ئەورووپا ئەم کێشە کۆمەڵایەتییانە لە راگەیاندنەکاندا بڵاو ناکرێتەوە، لەبەر ئەوەی رەنگدانەوەی لە ناو کۆمەڵگەدا کەم بکاتەوە، بەڵام لە میدیا کوردییەکانادا بەپێچەوانەوە، کوشتن و بڕین و سووتاندن و خۆکوشتن بە ئامێر و ئامرازەکانیشیەوە بڵاو دەکرێتەوە، ئەوەش هەر تەنیا لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا بوونی هەیە. راگەیاندنی کوردی بارودۆخی رۆحیی و سایکۆلۆژی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسییەوە، بایەخ نەدان بە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان و زیاتر خستنەڕووی چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکان مرۆڤ هان دەدات بۆ خۆکوژی و دووبارە کردنەوەی تاوانەکان، بەداخەوە راگەیاندنی کوردی نە دەزانن سایکۆلۆژی کۆمەڵگە چییە و نە دەشزانن سوسیولۆژی چییە. بۆیە پێویستە راگەیاندنی کوردی لەو قاڵبە دەربکرێت.

**پێویستە ئاماژە بەلایەنی سزای یاسایی و دینی ئەنجامدەر و هەروەها کارتێکردنە خراپەکانی و رێگەچارەکان بدرێ، بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکە هەمان تاوان نەکەن و دەلاقەیەک بۆ دەرباز بوون بدۆزنەوە**

**پێویستە چاودێری کەناڵەکان بکرێت و رێگەنەدرێت هەموو جۆرە وێنە و ڤیدیۆیەک لەژێرناوی ئازادیی میدیا پەخش بکرێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە تووشی دەڵەڕاوکێی دەروونی و تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی نەبێتەوە**

**هەندێ لەچالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێیانوایە میدیاکاران و راگەیاندنەکان نەک نەیانتوانیوە دیاردەی توندوتیژیی خێزانی و خۆکوشتن کەم بکەنەوە، تەنانەت هەندێکجار بە ئاراستەیەکی زۆر نەرێنی کاریان لەسەر کردووە. هاوکات رای پێچەوانەش هەیە کە بە «بێویژدانی» دەزانێت ئەگەر بگوترێ: راگەیاندنی کوردی لە ماوەی رابردوودا بە ئاراستەی زیادکردنی دیاردەی توندوتیژی و خۆکوشتن کاری کردووە. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەش لەو بارەیەوە راوسەرنجی تایبەت بۆ خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.**